# بۆ شێواندنی مێژووی نەتەوەیمان،
# چەقۆی کولی داگیرکاری کوردستان هێشتا خوێن لەجەستەمان دەچۆڕێنن!

**ساسان دەروێش – هۆڵەندا**

ئەگەربێتو لەچارەکە سەدەیەکی ڕابردوودا سەیری مێژووی ڕابردووی خوێناوی و نەتەوەیمان و بزووتنەوەکانی و شۆڕشەکانی بکەین وەک سەرچاوە و بەڵگەنامەکانی، لە سێ چوار سەرچاوەی گرنگ و مێژوویی هیچی تر هەڵناهێنجین لە هەگبەی کوردەواری خۆمان، ئەمەش خەتایەک نیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مێژوونووسانی کورد وە یاخود بێ هەڵوێستی و



بارگرانیان، بەڵکو کەش و هەوای نالەباری کوردستان و جەنگەکانی و نەڕەخساندنی دەرفەت بۆنووسین و ئەرشیف کردن و کۆکردنەوەیان وە یاخود پارێزگاری کردن لێ یان، ئەوەی هەبووە لە قۆناغە جیاوازەکاندا دەستیان بەسەردا گیراوە یان فەوتاون و لەناوبراون کە هەریەکەیان دەیان چیرۆکی خەمناکیان لە دوودەگێڕدرێنەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرسەختی داگیرکاری دوژمنە یەک لە دوایەکانی کورد و کوردستان و پێشێلکاریەکانیان لەمافی مرۆڤ و ئاست کوردا و بێ دەنگی دنیا بەرامبەر کێشەی کورد و کوردستان،

بەداخەوە لەگەڵ هەڵکەوتەی خۆمان و بوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی کوردانە  نەمان توانیوە وەک نەتەوەیەکی ڕەسەن و دێرین مێژووی خۆمان بنووسینەوە وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی و گرنگی نەتەوەیمان و خەڵکانی بیانی لەوێوە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر کورد و کێشەڕەواکەی  بنووسن و وەرگێڕدرێ بۆ زمانانی دنیا. ئەوەی هەش بووە یان دوژمنانی کورد و کوردستان و سیخوڕەکانی داگیرکاری کوردستان بە ئارەزوو و ویستی گڵاوی خۆیان مێژووی پڕ لە خوێناوی و قوربانی زۆروزەبەندەی کوردیان هۆنیوەتەوە و خەباتی دەیان سەربەخۆیی و دروست بوونی دەوڵەتی کوردیان بەسووک و چروکی و چەواشەیی بۆ نووسیوینتەوە کە هەندێکیشیان کراونەتە زمانەکانی بێگانە.

ئەوەی ئەمڕۆش دوژمنانی کورد و کوردستان بە شۆڤێنیەکانی عەرەب و تورک و فارس دەبینن و دەیبیستن لە دواگۆڕانکاریەکانی دنیا و ناوچەکەمان و هەرێمی کوردستان و بوژاندنەوە و ئاوەدان کردنەوەی و ئەو پێشکەوتنە لە ڕادەبەدەرە، چاویان پێ هەڵنایە و دەیانەوێ تامردن کۆیلە و داگیرکراو زنجیرلەپێی ئەوان بین، قۆناغ وگۆڕانکاریەکانی دنیا و ویستی زلهێزەکانی جیهان و بەرژەوەندیەکانیان ڕێگایان پێ نادەن جارێکی تر کورد بکوژرێ و ئەنفال و کیمیاوی و ڕاگوێز و گوند خاپور و شار وێران و بێ ناسنامەی نەتەوەیی بکرێ، ئەوەی ئەمڕۆ لەدەستیان دێ بۆ کورد و تێکدانی ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و یەک ڕیزیی کورد، چەواشەکردنی مێژوویەتی و سووک کردنی سەروەرانیەتی، بەداخەوە خۆشمان خەریکە ئەو مێژووە تاڵانەمان بیردەچێتەوە کە لە سەدەیەکی ڕابردوودا بەسەرخۆمان و نەتەوەکەماندا هاتووە لە دابەشکردن و داگیرکاری و کوشتن و هەوڵدان بۆ جینۆسایدکردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیمان، لە دوای ئەو هەموو قوربانیە کە مەزەندە ناکرێ بە دەریایەک خوێن و سێ چوار جاری سەربەخۆیی  و دروست بوونی دەوڵەتی کوردی  کە کورد بەخشی، لەبەرهەمی هەموو ئەو ماڵ وێرانیە ئەمڕۆ لە بەشێکی بچوکی کوردستانی گەورەم لە باشوور توانرا لەسەر چلە دارێکی ئازادی و سەربەخۆیی سروودی هەنگاونان بۆ ئازادی وسەربەخۆیی بچڕین کەچی خەریکە بەدەست هەندێ کەسی نەفس نزم وخۆبەکەم زانین لەبەرامبەر داگیرکەرانی کورد و دزینی سامانی هەژارانی وڵاتەکەم و ڕێگادان بە گەندەڵی و جاش و مستە شارەکانی هاوڕیانی سەدامی گۆڕ بە گۆڕ و سیخوڕ و فایلدارەکانی هاوڕیانی بەعس یاری بەکەرامەتی نەتەوەیمان بکەن و خەریکی بڕینەوەی ئەو دارەبن کە کورد لەسەری هەڵنیشتوە و سەرکردەکەمان لە بەرمبەریان بێ دەنگ و بێ هەڵوێست دۆش داماون.

بێ هیچ مەدح کردنێک ئەوەی پارێزگاری لەو مێژووە کرد تەنها و تەنها ناوی بارزانی و شۆڕشەکەی بوو کە کوردی بە دنیا ناساند وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە و بێ دەوڵەت و

داگیرکراو، هەر لەخۆبووردوویی و مقاوەمەتی بارزانی بوو لەئاست سەختی بەرانگاربوونەوەی بەرامبەر دوژمنانی کورد و ڕژێمە یەک لە دوایەکەکانی عێراق بەژێرخانێکی زۆر و دەوڵەمەندی پڕلەچەک لەگەڵ ڕێگرتن لەسەرهەڵدانی تەشەنە نەکردنی ناکۆکی نێون کورد بەهۆی تاقمێکی خۆویست بۆ کورسی و پارە و جیابوونەوە لە شۆڕش و ڕاکێشانی کورد بۆ کوشتاری یەکترکردن و ترازاندنی یەک ریزی شۆڕش و نەتەوەی کورد. حیکمەتی لەخۆبردوویی بارزانی و وریایی بەرامبەر پیلانەکانی دوژمنانی کورد، هاوسەنگێکی دروست کرد لەنێوان پێشمەرگە و هەڵگرانی ناسنامەی جاشایەتی بەلێبوردن و گەڕانەوەیان بۆ نێوخەباتی نەتەوەیمان کە هەموو داگیرکارانی کوردستانی سەرسام کردبوو کە هەموو ڕەوشت و کردارەکانی هێندە سەرنج ڕاکێش بوون زیاتر لە ئەفسانە دەچوون.

لە دوای 14 سال لەخەباتی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و بەرەنگاربوونەوەی و نووسینەوەی دەیان داستان و قارەمانێتی پێشمەرگە و خەباتی نەتەوەییمان و یاداشت کردنیان لە گەشتەکانی ڕۆژنامەنووسە بیانیەکان و دۆستەکانی کورد و بڵاوکردنەوەیان بە دنیای دەرەوە و وەرگێڕانیان بۆ چەندین زمان، جارێکی تر کورد و مێژووەکەی بووژایەوە، لە دوای ئەو دەسکەوتە گەورەیەی یانزەی ئازار و دان پیانانی ڕژێمی عێراق و ملکەچ کردنی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش،  دەیان کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار چاوی لەدایک بوونیان بەخوێنەری کورد ڕاگەیاند و بوونە دیوارێک لەبەردەم چەواشەکاری شۆڤێنیەکانی عەرەب و فارس و تورک و داگیرکاری کوردستان، بەرهەمی ئەو شۆڕشە و دریژە پێ دەری ئەمرۆشی لێ سەوز بووکە بە هەزاران کتێب و سەرچاوەی خۆماڵی کورد و مێژوونووسانی چاویان هەڵهێنا بەڕووی داگیرکاری کوردستان، لەگەڵ دروست بوونی دەیان چاپخانە و گەیاندنی و دروست بوونی چەندین کەناڵی ئاسمانی کە بەهەموویان توانیان تەنها و تەنها زمانمان بپارێزن لە دوژمنان، ئەوەی شۆڤێنیەکان لە ڕابردوودا پێیان نەکرا بەرامبەرمان لەسڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیمان، تازە بە تازە دەتوانن مێژووی سەروەری نەتەوەیمان چەواشەبکەن.

هەروەک بینیمان لە ڕابردوودا  چەند نووسراو وکتیب و نامیلکەیەک لە دژی شۆڕش و بارزانی بڵاوکرانەوە  لە وانەش  کە لەدوای خۆیان کاردانەوەی زۆری لە نێوەندە سیاسی و رووناکبیریەکان لێکەوتەوە ئەمەش هەندێک لە نموونەکانیەتی ......... کەسایەت ناسراوی نێوشۆڕشی ئەیلول و نزیک لەبارزانی دکتۆر مەحمود عوسمان لە ساڵی 1977 کتێبێکی لە شێوەی نامیلکەیەکدا بەزمانی عەرەبی نووسی وبڵاوکردەوە بەناوی (الحزب الديموقراطي الكردستاني – اللجنه التحضيريه) لەژێر ناوی (تقييم مسيره الثوره الكرديه و انهيارها والدروس

والعبر المستخلصه منها) کەدووجار پەشیمانیش بووەوە کە ئەمڕۆ دەیبینین، هەروەها لەبڵاوکراوەکانی کوردستانی نوێ تویژینەوەیک چاپکرا لە ژێر ناونیشانی(شەخسیەتی مەلامستەفا لە نێوان وەهم و ڕاستیدا بە پێنووسی (آ.ڕەوشەن) کە پێشتریش لە ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان ساڵی 1995 دەخوێندرایەوە، نووسەری ئەم نامیلکەیە بەوپەڕی بێ مەعریفەتیەوە هەوڵی دابوو لە دەور و کەسایەتیی مستەفا بارزانی کەم بکاتەوە و ویستبووی لاسایی بێ ئابڕووانەی کتیبەکەی (فازل بەراک) ی سەرۆکی دەزگای موخابەراتی پێشووی بەعس (مصطفی البارزانی بین الاسطورەولحقیقه) بکاتەوە و بێ بڕواییەک بەرامبەر کەسایەتی بارزانی دروست بکەن کە لە ماوەی نزیکەی نیوسەدە دا دەوری حەساس و چارەنووسازی لەمێژووی نەتەوەیماندا گێڕا، ئەمڕۆش لەکەش وهەوای ئازادی و نیمچە سەربەخۆییەکی هەرێمی باشووری کوردستانی گەورە سیخوڕێکی بە ناو زۆڵە کورد و جاشۆلکە بە نێوی داگیرکاری و دوژمنایەتی کورد و کوردستان و بەڕاسپاردەیان، دەیەوێ کەسایەتی کورد بێ بڕوابکەن لەبوونی ناسنامەی و مێژووی نەتەوەیەتی خۆی و سەروەرانی و بێ هێزی بکەن لەئاست شۆڤێنیستەکانی تورک وعەرەب وفارس.

کەسێکیش بە ناوی عیرفان قانعی فەرد لەگۆڤاری( لڤین ی ژمارە 134 ی ساڵی 2010 ) لە دیمانەیەکی دوو بەشدا، سووکایەتی بە کەسایەتی پێشەوا قازی محمەد و مەلامستەفا بارزانی دەکات و شۆڕشی کورد بە ساواک و ئیسرائیل دەبەستێتەوە و پەلامار و هێرشی ناڕەوا دەکات بەبێ بەڵگە و سەرچاوەی باوەڕپێکراو ،ئەوەی ئەو دەیلێ، خورماش لە بەغدا زۆرە کە ئێمە خۆمان بڕۆین سەیری بکەین.

لە کۆتایدا دەڵێم بەبڕوای من و هەموو دۆستانی کورد ژیان و سیاسەت و خەباتی بارزانی بەشێکی جیا نەکراوەیە لە خەبات و تێکۆشانی سەرجەم بزووتنەوەی کورد، چونکە هەموو ڕووداوەکانی نیوسەدەی مێژووی کورد و پرسی کورد ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کەسایەتی ئەوەوە هەیە.

**نەفرەت لە داگیرکاری کوردستان و ئەلقە لەگوێ کانیان، هەنگاونان بۆیەک ڕیزی کورد و تەبایی و برایەتی و خۆشەویستی هەمووپارچەکانی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی!**

**تا مل کەچییەکی نەکخستوین با خۆمان بۆ ئازادی و سەربەخۆی کوردستان یەکگرین!**